# مامۆستا مەلا لوقمان

# بەپێی شەریعەتی ئیسلام ژنیش دەتوانێت پیاو تەڵاق بدات

**دیداری هەڵگورد سەمەد و ئیبراهم عەلی**
**هەولێر**



پێکهێنانی خێزان پرۆسەیەکی دوولایەنەی پیاوو ژنە، ئەم پرۆسەیە لە هەر شتێك گرنگتر سەرەتاکەی بە دەست (ژن)ە، بەڵام لە جیابونەوەداو خاڵی کۆتایی کە تەڵاقە بەدەست (پیاو)ە (گەر خێزانێك تیایدا رووبدات)، ئەمەش پاشخانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەفسیرە ئاینییانەی کە زاڵترە بەسەر کولتووریشدا، ئەوەی لە زۆرینەی کولتوورەکانی رۆژهەڵات هەیە بەرپرسی یەکەمو بڕیاردەری سەرەکی (پیاو)ە لە هەر خێزانێکدا، ئەمەش بە پێوەری لەمێژینەی مێژووی خێزان، بەڵام بە حوکمی ئەو ئیجتیهادو ئەو دەروازەیەی کە لە ئاییندا هەیە، رەنگە لێرەو لەوێ کەسانی رای تر دەربکەون هەر لە هەناوی ئاییندا راڤەی جۆراوجۆری شاراوە بهێننە ناو ئەو بۆتە ئایینییەی تاکەکان پێوەی پابەندن.

مامۆستا لوقمان محەمەد عەلی لەدایکبووی ساڵی 1969ی ناحیەی بەردەڕەشی سەر بە قەزای ئاکرێیە، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی موسڵە لە ساڵی 1990،لە زانکۆی بەغداش بەکالۆریۆسی لە شەریعەی ئیسلامی وەرگرتووە، ئێستا قوتابی ماستەرە لە کۆلیژی شەریعەی بەغدادو چاوەڕێدەکرێت بەم زووانە گفتوگۆی ماستەرنامەکەی بکات، لە هەمانکاتدا پێشنوێژو وتارخوێنە لە شاری هەولێر، مامۆستا لەم دیدارەدا چەند رایەکی ناو فیقهی ئیسلامی پێشکەشدەکاتەوە کە هەبوونو تاکی موسڵمانو زانایان کەمتر قسەی لەسەردەکەن، بەتایبەت لە بواری مافەکانی ئافرەتو لە مەسەلەی تەڵاقدا (کە بەدەست پیاوەوە بێت).

مامۆستا لوقمان ئاماژە بەوە دەکات "ئافرەت سێ رێگای هەیە کە دەتوانێت بەکاریانبێنێت بۆ خۆرزگارکردن لە پیاو، یەکێکیان پێیدەوترێت(تفويض الطلاق)، یەکێکی تر(خُلع)ە، رێگایەکی دی (تفريق القضائي)یە، واتە ئەگەر هەندێك شت هاتە پێش، ئەو ئافرەتە یاخود هەندێك شت روویداو هەندێك هەڵە لەو پیاوە روویدا، ئەو ئافرەتە دەتوانێت داوا تۆماربکات لەسەر ئەو پیاوە لە دادگا کە ئەو هاوسەرێتییە هەڵوەشێنێتەوە، لەوبارەیەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وافويض أمري الى الله﴾، واتا: من خۆم دایە دەستی خوا، واتە شتەکە هەمووی بە دەستی خوایە، وشەی (تفويض)، واتا شتێك کە لە دەست خۆتە تەنازولی لێبکەیتو بیدەیتە یەکێکی تر، جا (تفويض الطلاق) مانای ئەوەیە ئەو تەڵاقەکە بەدەست پیاوە، ئەو پیاوە بە رەزامەندی خۆی دەیداتە دەست هاوسەرەکەی، ئەمەش دوو حاڵەتی هەیە، حاڵەتێك لە کاتی گرێبەستی هاوسەرێتیو مارەکردن ئەو داوایە بکرێت کە تەڵاق لەدەست ئافرەتەکە بێت، هەرچەندە ئەوە هەموو مەزهەبەکان لەسەری کۆك نین، بەڵام مەزهەبی حەنەفیو ئیمامی ئەحمەد دەڵێن؛

زۆر ئاساییه، ئافرەتیش دەتوانێ لە کاتی مارەکردنەکە بڵێت بەو مەرجە رازی دەبم کە لە تۆ مارەبکرێم تەڵاق لە دەستی مندا بێت، ئەگەر پیاوەکە رازی بوو، دەبێت پێیەوە پابەندبێت، جا لە کاتی گرێبەستی هاوسەرێتیەکە یان دواتر بە هاوسەرەکەی بڵێت: تۆش دەتوانی من تەڵاقبدەیت، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەوەیە ئایەتێك هەیە لە قورئان، زانایان دەیکەنە بەڵگە بۆ ئەمە، هەروەها کردەوەو هەڵسوکەوتی هاوەڵان کە ئەو کارەیان کردووە، خوای گەورە بە پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت:﴿یا أیها النبي قل لأزواجك ان كنتن تردن الحیاة الدنیا وزینتها فتعالین أمتعكن وأسرعكن صراحا جمیلا و إن كنتن تردن الله و رسوله والدار الآخرة فإن الله أعد للمحسنات منكن أجراً عظیماً﴾ لەبارەی شێوەی وتنی تەڵاقەکەشەوە لەلایەن ژنانەوە مەلا لوقمان ئاماژە بەوە دەکات کە "ئەگەر لە دەستی ئافرەتەکە بێت، ئافرەتەکە دەڵێت پیاوەکە تۆم تەڵاقدا". کاتێك کە پیاو ژنێك تەڵاقدەدات، ژنەکە دەچێتە دەر لەماڵەوە، لەبارەی ئەوەی لەو حاڵەتەدا ئەگەر تەڵاق لای ژن بێت، دەکرێت پیاوەکە لە ماڵەکە بچێتە دەرەوە، م. لوقمان دەڵێت: "لەو حاڵەتە پەیوەندی بە مەسەلەی مولکیەتە نەك چوونەدەرەوەو نەچوونەدەرەوە، ئەگەر ئافرەتێك تەڵاقدراو خانووەکە هی ئافرەتەکە بوو، دەبێت پیاوەکە بڕوات". سەبارەت بەوەی کە بۆچی ئەم حاڵەتە کاری پێناکرێت‌وو کەم کەسیش ئەمەی زانیوە، م. لوقمان ئاماژەی بەوە کرد "لەم رووەوەکەمتەرخەمی هەیە، لە کۆمەڵگادا دەبێت کاتێك کە گەنجێك ژن مارەدەکات دەبێت خۆی بپرسێت کە ژن مارەکردن چۆنە". م. لوقمان جەخت لەوە دەکاتەوە کە مامۆستایانی ئاینی زۆرینەیان ئەم حاڵەتە "چونکە ئەو بابەتانە هەمووی لە کتێبە فیقهییەکان هەیە، هەتا بابەتی (تفویض الطلاق) جمهوری زانایان لەسەری کۆکن کە ئەو مەسەلەیە هەیە، لە مەزهەبی ئیمامی ئەبو حەنیفەو ئیمامی مالیك‌و ئیمامی شافیعی هەیە، بەڵام جیاوازییان هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا (تفویض) تەملیکە یان تەوکیلە، هەندێك لە زانایان دەڵێن تەملیکە، حەنەفییەکان وا دەڵێن"، سەبارەت بەو حاڵەش کە ئەگەر ژن تەڵاقی بەدەستەوەبێت، ئایا تا هەتایە بەدەست ژنەوە دەبێت؟ م. لوقمان وتی: "بەڵێ، لەو حاڵەتە دەبێتە مولکی، بەڵام ئیمامی شافیعی‌و ئیمامی مالیك دوو گوتەیان هەیە، لە قەولێك دەڵێن تەملیکە، لە قەولێکیش دەڵێن تەوکیلە، بەڵام ئەوان دەڵێن: (علی الفور)ە، واتا ئەگەر پیاو تەڵاقەکەی دایە دەستی ئافرەتەکە، ئافرەتەکە دەرفەتی ئەوەی هەیە کە یەکسەر جێبەجێیبکات، ئەگەرنا پیاوەکە دواتر دەتوانێت بڵێت پاشگەزبوومەوە لە مەسەلەکە، لای ئیمامی ئەحمەد بەردەوامە (علی الدوام)، بەڵام لای ئەو تەوکیلە، تەملیك نییە، تەنیا حەنەفییەکان دەڵێن تەملیکە، تەوکیل نییە، جیاوازی هەیە لەنێوان تەملیك‌و تەوکیل، ئەگەر تەملیك بێت؛ تەڵاقەکە دەبێتە مولکی ئافرەتەکەو دەتوانێت هەموو کاتێك ئەو پیاوە تەڵاقبدات، بەڵام ئەگەر تەوکیل بێت؛ لەو حاڵەتەش هەموو کاتێك کە بیەوێت دەتوانێت پیاوەکە تەڵاقبدات، بەڵام پیاوەکە بۆی هەیە پەشیمانبێتەوە، بەڵام پێش پاشگەزبوونەوە دەتوانێت تەڵاقی بدات، کەواتە بەهەرحاڵ ئەو بابەتە شتێکە کە لە شەریعەتی ئیسلامدا هەیە، بابەتێکی زۆر گەورەیە بەناوی (تفویض الطلاق)".

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە ئافرەت دەتوانێت بەدەستیەوەبێت بەرامبەر بە پیاوەکەی، (خلع)ە، مامۆستا لوقمان دەڵێت: "کاتی خۆی کە پیاوەکە چووە پارەی داوەو خەرجییەکی زۆری کردووە لە کاتی مارەیی‌و گواستەوەو ئەو مەسەلانە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ژنە بهێنێت، (خلع) چەندین حوکمی هەیە، هەندێکجار موباحە، بۆ نموونە؛ ئافرەتەکە هەستدەکات ناتوانێت خزمەتی ئەو پیاوە بکات، یاخود لەوانەیە بزانێت ئەو پیاوە لە داهاتوودا لەگەڵی خراپدەبێت، جاری وا هەیە حوکمی خولع حەرامە، بۆ نموونە؛ لەو پیاوە باشترو رێکوپێکتر نییە، هەموو مافەکانی ئەو ئافرەتەی داوە، کەچی ئەو ئافرەتە هەر لەخۆیەوە بەهانەی پێدەگرێت، ئەمەش لە جێی خۆی نییە، هەندێکجار بۆ پیاوەکە حەرامە بەوەی کە ئافرەتەکە ناچاردەکات کە داوای خولع بکات، هەر لەخۆیەوە لەوانەیە لێیبدات‌و شەڕی لەگەڵ بکات، زۆرجار ئافرەتیش شارەزایی لە بەشەکانی تری (تفریق القضائي) نییە، دەڵێت هەر شتێکت دەوێت پێتدەدەمەوە بەس لە دەستی تۆ رزگارمبێت، هەندێکجار خولع سوننەتە، بۆ نموونە؛ ئافرەتەکە تەماشادەکات پیاوەکەی گۆڕاوە، پێشتر پیاوێکی زۆر باش بووە، بەڵام ئێستا پیاوەکەی زۆر خراپ بووە، لەو حاڵەتە ئەو ئافرەتە کە دەزانێت لەوانەیە ئەو پیاوە تووشی کێشەی زۆری بکات، دەتوانێت داوای خولع بکات، خولع لە زمانی عەرەبی بە مانای (النزع والتجرید) وەك بڵێیت (خلع ثیابه)، واتە جلەکانی خۆی لەبەر خۆی داکەند، لە رووی زاراوەوە مانای ئەوەیە جیابوونەوەیەك دروستبێت لەنێوان پیاوو ئافرەت بە رەزامەندی هەردوولایان بە پارە، بە مەرجێك پارەکە ئافرەتەکە بیداتە پیاوەکەو داواکارییەکەش لەلایەن ئافرەتەکەوە بێت، بەڵام پیاوەکەش دەبێت رازی بێت لەسەر مەسەلەکە، ئەو بڕە پارییەش دانەنراوە کە دەبێت چەند بێت، بەڵام زانایان دەڵێن دەتوانێت زیاتر لە نەختی خۆشی بدات، دەشتوانێت کەمتریش بدات‌و دەشتوانێ پیاوەکە بڵێت بە ئافرەتەکە تەنیا لە مارەییەکەت خۆشبە، ئەویش رازی بێت، هەر دەبێت، بەڵگەش بۆ ئەم مەسەلەیە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿ولایحل لكم ان تأخذوا مما اتیتموهن شیئا إلا ان یخافا ان لایقیما حدود الله فلا جناح علیهما فیما افتدت به﴾.

سەبارەت بە رێگەی سێیەمیش کە بۆ ئافرەت هەبێت لە پیاوەکەی جیابێتەوە ئەویش (تەفریقی قەزائی)یە مامۆستا لوقمان ئاماژە بەوەدەکات کە چەند جۆرێکە "یەکەم (التفریق للشقاق بین الزوجین) هەندێکجار پیاوو ئافرەت لەگەڵ تەبیعەتی یەکتر ناگونجێن، مەرج نییە هۆکارێکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام هەر بەیەکەوە ناگونجێن، لەوانەیە لە سەرەتاوە بۆ یەکتر گونجاو نەبووبن، ژیان لەو ماڵە وەکو جەهەننەمی لێهاتووە، ئەگەر بارەکە بەو شێوەی لێهات، خوای گەورە چارەسەرێکی بۆ داناوە، ئەویش ئەوەیە ﴿فإن خفتم شیقاق بینهما فابعثوا حكما من اهله وحكما من اهلها ان یریدا اصلاحا یوفق الله بینهما﴾ واتا: ئەگەر هاتوو کێشە لەنێوان پیاوو ئافرەت گەورەبوو، دوو کەس دەستنیشانبکەن یەکێك لە بنەماڵەی پیاوەکەو یەکێکیش لە بنەماڵەی ژنەکە، ئەو دووانە با ببنە ناوبژیکار تا بزانن کێشەکە چۆنە، ئەو دوو کەسەش دەبێت زۆر بێلایەنانە لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە بکەن، دەبێت هەردەم ئەوەی کە وا تاوانبارە بیشکێننەوە جا چ پیاوەکە بێت یان ئافرەتەکە، ئەگەر زانیان کە هیچ چارەسەرێك نییە تەنیا چارەسەر ئەوەیە ئەو دوو کەسە لەیەك جیاببنەوە، کۆمەڵی زانایان دەڵێن ئەو دوو ناوبژیکارە دەسەڵاتێکی دادوەرییان هەیەو دەتوانن بەبێ دادوەر دەتوانن بڕیاربدەن، ئەگەر زانیان

هەڵەکە لە پیاوەکەیە، ئەوا یەکسەر تەڵاقی دەخەن، ئەگەر زانیان هەڵەکە لە ئافرەتەکەیە خولع دەکەن لەو حاڵەتە بڕە پارەکە خۆیان دیاریدەکەن، لەو حاڵەتە تەڵاق نە بەدەست پیاوە نەبەدەست ئافرەتە، بەڵکو بە دەستی دوو ناوبژیکارەکەیە. جۆری دووەم (التفرق بسبب العیوب المانعة من الاستمتاع)، هەندێك عەیب هەیە ئەگەر لە پیاو هەبێت ئافرەت بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات، هەندێکی تر ئەگەر لە ئافرەتدا هەبێت پیاوەکە دەتوانێت (فسخ) بکاتو جیا ببێتەوە بە (تفریق)، چونکە ئەگەر پیاوەکە لەو حاڵەتە تەڵاقی بدات لەوانەیە بڵێن عەیبەکە لە پیاوەکەیە، ئەو کاتە دەبێت مارەییو نەختەکەی بدات، بەڵام ئێمە لێرە مەبەستمان ئافرەتە، ئەگەر هاتوو ئەو عەیبانە لە پیاو هەبوو، دەبوونە هۆی ئەوەی کە ئافرەت نەتوانێت چێژ لەو پیاوە بکات، ئەمەش دەبێتە دوو جۆر، یەکێکیان: پەیوەندی بە مەسەلە سێکسییەکانەوە هەیە، ئەویتریان هەندێك عەیبو نەخۆشییە کە ئافرەتەکە ناتوانێت لەگەڵ ئەو پیاوەدا بژی، بەڵام ئەمەش زانایان دوو مەرجیان بۆ داناوە، یەکەمیان ئەوەیە ئافرەتەکە بێت ئێستا داوای جیابوونەوە بکات لە کاتێکدا لە پێش مارەییەوە ئەو عەیبانەی دەزانی، دووەمیان ئەوەیە کە دوایی مارەیی بە عەیبەکە رازی بێتو دوای ماوەیەك بێت داوای جیابوونەوە بکات، جا ئەو عەیبانەی کە ئەگەر لە پیاودا هەبێت ئافرەت بۆی هەیە داوای جیابوونەوە بکات، دوو نەخۆشی هەیە لە پیاو کە پەیوەندی بە جووتبوونەوە هەیە، یەکیان پێیدەوترێت (جد)، ئەوەیە کە ئەندامی نێرینەی نەبێت یاخود لێکرابێتەوە، ئەویتر پێیدەوترێت (عنە)، ئەوەیە کە پیاوەکە ئەندامی نێرینەی هەیە، بەڵام ناتوانێت کرداری جووتبوون ئەنجامبدات، بەشی دووەمین لە عەیبەکان، بۆ نموونە؛ شێتی پیاو یاخود گڕووبوون یاخود بەڵەکی، ئەوە زانایانی کۆن ئەوانەیان باسکردووە، بەڵام زانایانی ئەم سەردەمە قسەی جوانیان هەیە کە دەڵێن ئەو عەیبانە لەوانەیە لەو کات هەبووە کە چارەسەریان نەبووە، بەڵام ئێستا هەندێك نەخۆشی هەیە کە زۆر لەوانەی باسمانکرد زۆر پیسترە وەکو نەخۆشی ئایدز یان چەندین نەخۆشی تر، ئیبن تەیمە دەڵێت: هەموو عەیبێك دەتوانێت بەهۆیەوە داوای جیابوونەوە بکرێت، ئەگەر نەیانتوانی چێژ لەیەکتر وەربگرن، حاڵەتی سێیەمیش (التفریق بسبب الضرر)، ئەمەیا مالیکییەکان زیاتر لەسەری مەسەلەیە کۆکن، ئەوەش جیابوونەوە بەهۆی زەرەرو زیانێکی زۆر لەو پیاوە، ئەوان دێن پێناسەی زەرەر دەکەن بەوەی (هەر ئازارێکی زۆر کە ئەو پیاوە بەو ئافرەتەی بگەیەنێت کە ببێتە هۆی ئەوەی ئەو ئافرەتە بفەوتێت، جا بەهۆی لێدان بێت کە ئەمە هیچ پاساوێکی شەرعی نییە، لەوانەی زۆرجار شوێنێکی ئەو ئافرەتە بشکێنێت، یاخود زەرەری مەعنەوی، بۆ نموونە؛ جنێودان بە بنەماڵەو دایكو باوکی)، ئەگەر گەیشتە ئەو حاڵەتە؟، ئەو ژنە دەتوانێت بێت داوای جیابوونەوە بکات لای دادوەر، ئێستا دادگاکانی میسر بەو فەتوایەی ئیمامی مالیك کاردەکەن، لەو حاڵەتە دادوەر پێیدەڵێت کە تەڵاقی بدات، ئەگەر تەڵاقی نەدات دادوەر تەڵاقی دەدات، حاڵەتی چوارەم (التفریق بسبب الایلاء)، کەسێك کە سوێندبخوات کە ناچێتە لای هاوسەرەکە، بۆ نموونە؛ کەسێك هەیە دوو یان سێ ژنی هەیەو تەنیا دەچێتە لای یەکێکیانو واز لەوانی تر دەهێنێت، هەرچەندە ئیلاء بە مانای سوێندخواردنە، ئەگەر سوێندبخوات بڵێت: ناچمە لای یەکێکیان، بەڵام زانایان دەڵێن ئەگەر سوێندیشی نەخواردبێت، هەر هەمان حوکمی هەیە، ئەو پیاوە ماوەی دەدرێت تا چوار مانگ دوای ئەوە دادوەر بانگی دەکات تا پەشیمان بێتەوەو سوێندەکەی بشکێنێتو کەفارەتی سوێند بداتو بچێتە لای خێزانەکەی، ئەگەرنا پێیدەڵێت دەبێت تەڵاقی بدەیت، ئەگەر تەڵاقی نەدا دادوەر خۆی تەڵاقی دەدات، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿للذین یؤلون من نسائهم تبص اربعت أشهر فإن فاءوا فإن الله غفور رحیم، وإن عزموا الطلاق فإن الله سمیع علیم﴾، حاڵەتی پێنجەمو کۆتاییش (التفریق لعدم الإنفاق)، جیابوونەوە بەهۆی ئەوەی کە پیاوەکە خەرجی ژنەکە نادات، ئەگەر پیاوەکە پارەی هەبووو نەیدەدایە ئافرەتەکە، ئافرەتەکە دەتوانێت لەو پارەیە بباتو بۆ خۆی خەرجی بکات، جا پیاوەکە پێیزانی یان نا، ئەگەرنا دەچێتە لای دادوەرو دادوەر بڕە پارەیەکی بۆ دەبڕێتەوە مانگانە لە پیاوەکەی وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر پیاوەکە رەزیلو چرۆك بوو پارەی بە ئافرەتەکە نەدەدا، لەو حاڵەتە ئافرەتەکە دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات لە دادگا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ولا تمسکوهن ضرارا لتعتدوا﴾ واتا: لای خۆتانیان دامەنێن بۆ ئەوەی ئازاریان بدەن، خۆ ئافرەت بۆ ئەوە نییە تا پیاو ئازاری بدات.

سەبارەت بەو پرسیارەی ئەگەر پیاوێك کۆئەندامی نێرینەی هەبووو لە جووتبوونیش هیچ کێشەی نەبوو، بەڵام ئەو ئافرەتە هیچ چێژی لێیوەرنەدەگرت، ئەو کاتە ئەو ئافرەتە دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات؟

مامۆستا لوقمان ئەوەی روونکردەوە کە "لەو حاڵەتە ناتوانێت داوای تەڵاق بکات، چونکە دەتوانرێت چارەسەربکرێت"، مامۆستا پێیوایە "بەداخەوە فیقهی جنسی لای موسڵمانان زۆر لاوازە لەگەڵ ئەوەشدا لە کیتابە فیقهییەکاندا باسکراوە، بۆ نموونە؛ لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەر دەڵێت: ئەگەر چوونە لای خێزانەکانتان یەکسەر خۆتانیان لێ نزیك مەکەنەوە، بەڵکو دەبێت پێشەکی هەبێت، وەکو؛ ماچکردنو دەستلەملکردنو شتی تر، چونکە هەروەك پزیشکەکانیش سەلماندویانە کە ئافرەت زۆر کاریگەری نابێت بە دەنگو قسە، بەڵکو دەستلێدان کاریگەری هەیە لەو حاڵەتە، ئینجا ماوەیەکی دەوێت تاوەکو ئەو ئافرەتە وایلێدێت ئامادەبێت بۆ جووتبوونو پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: کە جووتیش بوون، زوو خۆتان مەکێشنەوە، دەبێت پیاوەکان خۆیان شارەزابکەن لە فیقهی جنسی، بەڕاستی کەموکوڕی لە خۆمانەو نامانەوێت شارەزابین لە شەریعەتی خوا، ئەگەرنا لە شەریعەتدا هەموو شتێك باسکراوە".

مامۆستا جگە لەو حاڵەتانەی کە باسیکردن لەبارەی جیابوونەوە کە بەدەست ئافرەتە، خاڵێکی تری ئاماژەپێکرد کە "ئەگەر پیاوەکە زۆر دووردەکەوتەوە لە ژنەکە بۆ ماوەی ساڵێك دوو ساڵ بەبێ رەزامەندیی ئافرەتەکە جا بە بیانووی بازرگانیکردن بێت یا چوونە هەندەران، لەو کاتەدا ئافرەتەکە دەتوانێت داوای تەڵاق بکات لای دادوەر، هەروەها حاڵەتێکی تر هەیە ئەویش بە لەدەستدانی هاوسەر (فقدان الزوج)، پیاوەکە بزربووە نازانرێت لە کوێیە، خۆ ناکرێت ئەو ئافرەتە تا هەتایە دابنیشێت، حاڵەتی تر هەیە هەرچەندە زانایان جیاوازییان هەیە لەو خاڵەدا، ئەگەر پیاوەکە مارەییەکە نەدات یان نەتوانێت مارەییەکە بدات، خاڵێکی تر ئەگەر کچێك لەسەر بێشکە مارەکرابوو، ئەگەر ئەو کچە گەورەبوو، خاوەنی رای خۆیەتی".